# هەل و مەرجی مافەکانی ژنان لە یاسای بنەرەتی عیراقدا.

لە ئامادە کردن و وەرگێرانی: سەیران رەحیمی

ڕێکخراوی نەتەوەی یەك گرتوەکان: ژنانی عیراقی کە لە ئەسڵە سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤ لە یەکیك لە هارترین ڕژیمەکانی دنیا بە سەرکردایەتی سەدام حسین سەروك کۆماری پێشوی عیراق رازی بوون، هەرئیستا لە سەروبەندی لە دەست دانی ئازادیە دژوار بەدەست هاتوەکانیان لە حکوومەتێکدا کە ئامریکا لەوڵاتێکی پرژوبڵاو و بەڵا لێدراودا پیشتیوانی لیَ دەکات.

ئیمە نیگەرانی قوڵی خۆمان سەبارەت بە پێش نووسێك کە لەم ماوەیەدا لە لایەن کومیتەی یاسا دانانی (عیراقی) چاپ و بلاو کرایەوە بەتایبەت فەسڵەکانی پەیوەندی دار بە ماف و ئەرکەکان، یاساکانی شەرعی (ئیسلامی) بەشێوەیەکی ئاشکرا وەکو سەرچاوەی سەرەکی بۆ دارشتنی یاسا لە یاسای بنەرەتی نوێی عیراق دانراون، دەردە بڕێن. بزووتنەوەی ژنان لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان دیسانەوە خوازیاری ئەوەن لەمەرئەم بابەتە لیکوینەوە بکریَ.

لە سەر ئەساس ئەم پێش نوسەدا دەوڵەتی نوێی ئینتقالی عیراق، یەکسانی مافەکانی ژنان و پیاوانی لەتەواوی بوارەکاندا تا ئەو جێگایەی کە لەگەڵ یاساکانی شەرع دژایەتی نیە قەبول کردوە.

لە یاسا نویی پیشنیارکراو، مافەکانی ژنان بە تایبەت لە بابەتەکانی پەیوەندی دار بە ئیزدواج، تەلاق و میرات بەرتەسك دەکاتەوە. زەواج بە مەیلی ئازادانەی ژن دژوارترەرە و تەلاق لە لایەن پیاووە ئاسانتر دەبیَ .

لە داواکاری پیداچوونەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان، نوینەرانی پارلمان، رێکخراوەکانی نێو نەتەوەیی ژنان وبزووتنەوەی ژنانی عیراقدا، هاتوە: ئێمە یاسایکمان دەویَ کە مافە ئینسانیەکانی ژنان وەکوو دایك، کرێکار و شارومەند بە رەسمیەت بناسیَ و هەروەها لە جورەکانی توندوتیژی لەدژی ژنان پێشگیری بکات.

ئەم بزوتنەوەیە هەروەها خوازیاری بەشی لانی کەم 40 لە سەد بۆ ژنان لە تەواوی دامەزراوەکانی بڕیاردان بوە، جگە لەو خواستە بەرەسمیت ناسینی پەیمان نامەکانی نێو نەتەوەیی، لەوانە کونواسیونی لەبەین بردنی هەڵاواردنی لە دژی ژنان، لە لایەن دەوڵەتەوە گەڵالە کردوە.

بسما الخاتب یەکیك لە هەڵسووراوان لەم حەوزەیەدا دەڵی: ژنانی عیراق لەسەر یامەرمەتی کومەڵگاکانی نیونەتەوەیی حیساب دەکەن. الخاتب هەروەها دەلیَ: ژنانی عیراقی پیان وایە لەو روەوە کە ماوەیەکی کەم ماوە دەبیَ گوشارەکانی خیرای نێو نەەوەیی لەسەر بەرپرسانی دارشتنی پێش نوسی یاسا بەکردەوە دەربیَ.

ئەو دەڵی: ژنانی عیراقی لە بیری کۆکردنەو داسەپاندنی ئەوان بە سەر رێبەرانی سیاسی عیراق و کاربەدەستانی دەولەتن. هەروەها داواکاریان لە کۆمەڵگاکانی نێو نەتەوەیش هەیە تا دلنیایان بکەن کە یاسای بنەرەتی نوێی بنەما سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤـ بۆ ژنان گەرانتی بکات.

حەنا ئیدوار، لە ئیتحادیەی کریکاری عیراق کە خوپیشاندانی ودانیشتنیکی لەم ماوەیەدا لە بەغدا ریکخستبو دەڵی: بە بوونی هەل ومەرجی ئەمنیەتی ژنانی دلێر لە ناوچە جیاوازەکان بۆ گەیاندنی دەنگی داواکاریەکانیان واتە مافی بەرابەر دەست پێش خەر بوون. ئیدوار دەڵی: نارەزایەتی 3 ساعەتەی ماوەیێك لەمەوبەر هێوا بەخشی بەربلاوی هەڵسوورانەکان لەگەل هاوریەتی ژنان و پیاوان لە پیشتیوانی لە داواکاریەکانی ئیمەبوو.

شارلوت بانچ لە ناوندی رێبەری جیهانی ژنان بە دەربرینی هاودەردی خۆی لەگەل ژنانی عیراقی کە بۆ بەدەست هینانی مافەکانیان خەبات دەکەن ئەم باسەی لە ژێر ناوی بابەتیکی ئاڵوز شی کردەوە. ئەو لەسەرەتادا وتی: من وابیر دەکەمەوە کە ئەرتەشی ویلایەتە یەکگرتوەکان نابیَ لە عێراق بن و دەبیَ بە خێرایی ئەویَ بە جیَ بهێڵن.

بەڵام تا ئەوکات کە هێزەکانی نێزامی لەم ولاتە دابن. ویلایەتە یەکگرتوەکان بەر پرساریەتی زیاتری لە بەرابەر هەل ومەرجی ئەویٚ لەئەستویە. کەوایە من وابیردەکەمەوە ئامریکا دەبیٚ لەبەرابەر پیٚشیل کردنی مافەکانی ژنان وەلامدەرەوە بیٚت.

ئەو هەروەها وتیشی: بە ڕای من دەوڵەتی ئامریکا دەبیٚ وەلامدەرەوەی، دەنگی گروپەکانی هەڵسوراوی ژنان لە عیراق بۆ زەمانەت کردنی بەرابەری لە یاسای بنەرەتی هاوکاری بکات و ژنانیش دەورونەقشیکی زوریان لەم پروسەیەدا هەبیت. بانچ دەڵی:بە بوونی ئەمانەوە ئامریکا هەولیٚکی زوری بۆ هاندانی خەڵك بۆ بەشداری لە سەرلە نوی دروست کردنەوەی عیراق بەکار هیٚناوە ولەم بابەتەدا هەڵسورانیٚکی کەم بۆ پشتیوانی لەمافەکانی ژنان بەکردەوە دەرهیٚناوە. ئامریٚکا دەتوانیٚو دەبیٚ هەر ئیستا هەولی خۆی لەم بارەیەوە وەگربخات.